www.kurdistannet.org

14-10-2006 23:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆچ بۆ هەندەران ڕێگەیەکی پڕ لەمەترسی و ئازار.. گەنجێک: لەزاخۆ پێیان وتین کی پاسپۆرتی پێیە، ئەوەی پێی بوو بەرلێدان و ئازار کەوت لەناویاندا خۆشم لێدانم خوارد ... ڕاپۆرت: ئاسۆ



کۆچ ئەو دیاردەیەیە کە دەمێك ساڵە بەرۆکی بەکۆمەڵگەی کوردیی گرتووە، لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە خەڵکی بەلێشاو ڕوویان لە هەندەران کرد، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بۆماوەیەك لێشاوی کۆچ کەم بووەوە و خەڵکی ئومێدێکیان پەیداکرد کە بارودۆخی سیاسی و ئابووری ڕوو لەباشبوون دەکات و کورد هەست بەئەمان دەکات لەوڵاتەکەی خۆیدا بەڵام پاش ساڵێك و کەمتریش عێراق کەوتە شەڕێکی ماڵوێرانکەرەوە، ئەم شەڕەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بارودۆخی کوردستان دانا ئەمە جگە لەوەی دەسەڵات لەکوردستان بۆتە دسەڵاتێکی گەندەڵ و نالێپرسراو.



خەڵك بەگشتی دادوبێدادیانە لەدەست دەسەڵات، لەماوەی ڕابردوودا توێژی گەنجان ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمی (بڕوخی) یان بۆ دەسەڵات وت لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدا بوون ئەم دەستەڵاتە



قابیلی چاکسازیی نییە هەربۆیە توێژی لاوان توشی نائومێدیی بوون بەرامبەر بە بەڵێنەکانی حکومەت و بەلێشاو ڕوویانکردۆتەوە سەفەری دەرەوەی وڵات و بەچەندین ڕێگاو شێواز هەوڵی خۆدەربازکردن دەدەن لەوڵات، زۆرێك لەم گەنجانە لەڕێگای سەفەردا تووشی دەیان کوێرەوەریی و مەینەتی دەبنەوە.

هەریەك لەو گەنجانەی کە

سنووررداش دەکرێنەوە چیرۆکێکی پڕ ئازاری نەهامەتی خۆیان پێیە بۆ گێڕانەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەن جارێکی تر سەفەر بکەنەوە و خۆیان وتەنی مردنێکی خێرا باشترە لەژیانێکی تاسەر کوێرەوەرییو هەژاریی.

هەولْمدا چەندین لاو بدۆزمەوە تاسەرگوزشتەی خۆیان بگێڕنەوە دەربارەی کۆچی قاچاخ.

دلْشاد سەلاحەدین- یەکێکە لەو لاوانەو باسی ئەوەی بۆ کردم کەپێش پرۆسەی ئازادیی بەهۆی گەمارۆی ئابوریی تەنیا ڕێی قاچاخ هەبوو، ئەو وتی: تەنیا ڕێی قاچاخ هەبوو بۆ سەفەری هەندەران، سەرەتا لەئێرانەوە ڕوومان دەکردە گوندە سنوورییەکانی ئێران – تورکیا لەوێشەوە بەڕێگای پی بۆ تورکیا، لەو ڕێگایەدا تووشی زۆر نەهامەتی و ناڕەحەتی بووین، بیرمە لەنێوان سنووری ئێران – تورکیا پاسدار تەقەیان لێکردین، ئێمە نزیکەی 200 نەفەر دەبووین چەندین خێزانیشمان لەگەڵ بوو، هەریەکە بەلایەکدا هەلْهاتین دواتر کەیەکمان گرتەوە منالْ و بەوکێکمان لی ون بوو، تەرەفی قاچاخچی شەوێك تابەیانی بەدوای باوك و مندالْەکەدا گەڕان کە کچێکی تەمەن دووسالْە بوو بەناوی (هێلین) لەڕێگا حەبی ڤالیۆمیان پێدابوو بۆ ئەوەی لەتاو سەرماو هیلاکی نەگریی و بەئارامی بخەوێت.

دوای 24 کاتژمێر قاچاخچییەکە ئەو منالْ و باوکەی دۆزییەوە، قاچاخچییەکە بەپێکەنینەوە پێی وتین کە لەبەینی تاشە بەردێکدا خۆیان حەشارداوە، بائەوەشم لەبیر نەچێت ژنی ئەو پیاوە واتە دایکی مندالْەکە لەگەڵ ئێمەدا بوو لە گوندەکە کە ئێمەیان تیادانا تا ئەوانیان دۆزییەوە، قەت ئەوەم بیر ناچێت کە قاچاخچییەکان دەیانویست تەعەدا لەوژنە بکەن بەلاّم لەترسی ئێمە واتە نەفەرەکان نەیاندەوێرا، ئێمە زۆر ئەو ژنەمان خۆشدەویست و لەبەرخاتری ئەو منالْە ئامادەبووین هەموومان لەپێناویدا بمرین.

لەسەفەرەکەشماندا خەلْکی زۆرمان لەگەڵ بوو وەك مامۆستاو خوێندکارو گورانیبێژو کرێکارو فەرمانبەر، هەیەکەشیان بەدرێژایی ئەو رێگایە لەخوا دەپاڕاینەوە کە پشتیوانیمان بکات و بگەینەجی.

هەر چۆنێك بوو گەیشتینە شاری سنووریی (وان) لەتورکیا، لەوی کردیانینە گەوڕێکەوە و ژەمی سەمونێك و تۆزێك ئاویان پێدەداین، ئەو خێزانە لەوی لەئێمە جیابوونەوە و ئێمەش بەرەو ئەستەمبوڵ بەڕێکەوتین، لەدەریاچەی واندا بە بەلەمێك بەڕێیان کردین، لەنیوە شەودا بەلەمەکەمان کوژایەوە و بوو بەگریان و پاڕانەوە لەخوا بۆئەوەی نەخنکێین، ئەو شەوەم قەت لەیاد ناچێت کە بەلەمەکەمان لەناو ئاوەکەوەدا وەستاو لەدوورگەیەکی ناو ئاوەکەدا ماینەوە تا دەمەو بەیان، بەرەبەیان بەلەمەکە کەوتە ڕی لەوشکانییەك ڕایانگرتین و سواری لۆرییەکیان کردین بەرەو ئەستەمبوڵ، ژمارەی نەفەرەکانی ناو لۆرییەکە 70 کەس دەبوو خێمەیەکیان دا بەلۆرییەکەدا هەمووان رژابووین بەسەریەکدا و یەکێ هاواری دەکرد ئاخ پشتم، یەکێکیتر هاواری قاچی دەکرد هەموومان بۆ گەنمان کردبوو، میزمان هەر لە لۆرییەکەدا دەکردە دەبەوە چونکە مەجالی دابەزین نەبوو.

قاچاخچییەکانیش هەزارجار جنێویان بەخوشك و دایکمان دەدا، بەو ناڕەحەتییە گەیشتینە ئەستەمبول. هەموومان شەل و کوت بووین، لەوێشەوە بەیەخت لێماندا، هەموومان لەنێو یەختەکەدا تووشی ڕشانەوە و گێژبوون و ناڕەحەتی بووین بەلاّم بۆ نەگبەتی پۆلیسەکانی دەریا بەئێمەیان زانی و یەختەکە بەرەو قەراخی دەریای ئیجە هەلْهات لەنزیك کەنارەوە یەختەکەمان وەرگەرا بەلاّم خوا رەحمی کرد لەتەنکاییدا بوو کەسمان لی نەخنکا، ئیتر پۆلیس گەیشتە سەرمان و سنوورداشی زاخۆ کراینەوە، بەلاّم بالەبیرم نەچێت تا گەیشتینەوە زاخۆ هەرلێیان داوین بەشەق و زللەو بۆکز.

من چەندین جار ئەمە بەسەر هاتووە و شەش جاریشم لێداوە، ئێستا پارەم نییە ئەگینا دەڕۆمەوە بۆ هەندەران.

چەندین کەس لەو ڕێگایەدا سنووورداش کراونەتەوە و بەسەرهاتەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیك بوو بۆیە بەباشمزانی تەنیا چیرۆکی (دڵشاد) هەڵبژێرم.

کۆچی ئێستا

لەدوای پرۆسەی ئازایی ئەو گەرمارۆیەی کەلەسەر عێراق هەبوو هەڵگیرا، خەڵکی توانیان پاسپۆرت وەربگرن و سەفەری وڵاتان بکەن، ئێستا زۆربەی لاوان لەهەوڵی دەرکردنی پاسپۆرتدان بۆئەوەی بەو پاسپۆرتەوە بچنە تورکیاو بەشێوەیەکی ڕەسمی بگەنە ئەستەمبوڵ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە پاسپۆرت کە بەس تەنیا تا تورکیایە و دواتر جارێکی تر ڕێگا ترسناکەکانی قاچاخ دەست پێدەکاتەوە.

چەند لاوێك بۆیان باسکردم کە لە ئەستەمبوڵەوە تا ئەسینا چوار هەزار دۆلار بۆ ڕێگای قەمەرەو 2500 دۆلار بۆ ڕێگای یەخت و 2000 دۆلار ڕێگەی پی وەردەگیرێت، ئەمە جگە لە 600 دۆلار بۆ فیزەی تورکیا 500 دۆلار بۆ مەسرەف.. سەرەڕای ئەم پارە زۆرەش بەدنیایەك ناڕەحەتی دەگەنە ئەسینا.

دیاری عومەر – بەم ڕێگایە سەفەری کردووە و وتی: ساڵانی ڕابردوو بە قاچاخ لێمداوە بەڵام ئەمجارەی ڕابردوو بەڕەسمی چوومە ئەستەمبوڵ، زۆر بەلامەوە خۆش بوو و زۆر زوو گەیشتم بی ئەزیەت و لێدان و جنێو، دوای چەند ڕۆژێك خۆمدایە دەست قاچاخچییەك بەناوی (... ) بە ڕێگەی پی لێماندا، دوای 18 ڕۆژ بەپی ڕۆیشتن ئەوەی بەسەرمان هات زمان ناتوانی بیگێڕێتەوە، ئەوەبوو سەیارەیان بۆ هێناین و سی نەفەریان کردە سندوقی سەیارەکەوە، شەش نەفەریشیان خستە ناوەوە کە هەمووومان بەسەریەکدا کەوتبووین، سەیارەکە لەسەر 180 دەڕۆیی بەڵام پۆلیس پێی زانی و گرتیانین و سنووورداشیان کردینەوە بەرەو تورکیا لەوێشەوە بۆ زاخۆ بەڵام وا بەنیازم جارێکی تر لێی بدەمەوە.

کارزان ڕەحیم-ئەویش لەئەستەمبوڵەوە بەرەو ئەسینا بەڕێکەوتووە و بەڵام سنووورداش کراوەتەوەو ئێستاش خەریکی دەرکردنەوەی جەوازە بۆئەوەی هەم سەفەر بکاتەوە، ئەو دەڵی: لەسەفەری پێشوومدا زۆر ناڕەحەتیم بەسەرهاتووە، کاتێك گەیشتینە ئەستەمبوڵ چوومە لای (... ) ی قاچاخچی ماوەك ڕایگرتم من زۆرم پێوت دەمەوێت زوو دەربچم تا مۆڵەتی مانەوەم ماوە لە تورکیا ئەوەبوو جارێك بەڕێگەی پی ناردمی چەند ڕۆژو شەوێك پی ڕۆیشتین بەسکی برسێتی.

بەڵام پۆلیس دای بەسەرماندا و چەند کەسێکمان لێگیرا و ئەوانیتریش هەڵهاتن، ئەوەبوو گەڕامەوە ئەستەمبوڵ و ئەمجارە بەڕێگای یەخت ڕۆیشتم، چەند سەعاتێك بەدوڵمز بردیانین هەر کە گەیشتینە سەرئاوەکە زیڕەم کرد لەشەپۆلەکانی ئەوەبوو گەڕامەوە و بڕیارمدا بەتەکسی بڕۆم و ئەو ڕۆژەی بەقەمەرە ڕۆیشتم پێش ئەوەی لە تورکیا دەربچین پۆلیس دوامان کەوت سەیارەی سەلاجەکە وەستاو دەرگاکەی کردەوە هەریەکەمان بۆ لایەك ڕامانکردن من و دووبرادەر لە تەنیشت تەلبەندێك خۆماندا بەزەویدا، نزیك شەش سەعات لەوێدابووین و بارانیش بەخوڕی دەباری لێی دەداین ئەوەبوو پۆلیس هاتە سەرمان و گیراین.

من مۆڵەتی فیزەکەم تەواو بوو بوو ئەوەی مۆڵەتی مابوو گەڕانیانەوە بۆ ئەستەمبوڵ بەڵام ئەوە مۆڵەتی مانەوەی نەمابوو جەوازەکانیان سوتاند، جەوازەکەی منیش بەرکەوت و سنووورداش کراینەوە بۆ زاخۆ لەوێش لێیان پرسین کی بەجەواز ڕۆشتووە؟ من و چەند کەسێك دەستمان هەڵبڕی ئەوانیش بەشەق و بۆکز تێمان کەوتن، من لەسنووری یۆنانەوە تا تورکیا و زاخۆ هەر لێدانم خوارد.

Asoahmad2004@yahoo. com